# ئاین لە روانگەی رۆزا لۆکسمبۆرگەوە

**لە فارسییەوە: ئایدیا**

کڵێسا، بۆ خەبات لە دژی سۆسیال دیموکراسی، دوو کەرەستەی لە بەردەستدایە، لە شوێنێکی وەکو وڵاتی ئێمە (پۆڵەندا) بزوتنەوەی کرێکاری دەستی بە ناساندنی خۆیکردوە و چینە داراکانیش هێشتا ئارەزووی لەناوبردنی دەکەن، رۆحانیەت بە بانگەشەی هەرەشەئامێز و بوختان هەڵبەستن بۆ کرێکاران و ئیدانەکردنی «چاوچنۆکی» ئەوان، لە دژی سۆسیالیستەکان خەبات دەکات. بەڵام لەو وڵاتانەی کە ئازادی سیاسیان تێدا دەستەبەر بووە و چینی کرێکار تێیاندا بەهێزە، وەکو ئەڵمانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا، رۆحانیەت لە هەوڵی دۆزینەوەی کەرەستەی دیکەدایە. لەو وڵاتانەدا رۆحانیەت ئامانجی راستەقینەی دەشارێتەوە و ئیتر نەك وەکو دوژمنێکی ئاشکرا، بەڵکو وەکو هاورێیەکی رواڵەتی، رووبەرووی کرێکاران دەبێتەوە.

بەمجۆرە قەشەگەلێك دەبینیت کە خەریکی رێکخستنی کرێکارانن و یەکێتی کرێکارانی مەسیحی پێکدەهێنن. ئەوان لەم رێگایەوە هەولدەدەن، بە تۆری خۆیان ماسی راوبکەن، کرێکاران دەخەنە داوی ئەو یەکێتیە ساختانەوە و تێیدا وانەی سەرشۆری و ملکەچیان بۆ دەڵێنەوە، بە پێچەوانەی رێکخراوی سۆسیال دیموکراسی، کە لە دژی بەدرەفتاری خەبات دەکات. کاتێك سەرەنجام حکومەتی تێزاری لە ژێر فشاری پرۆلیتاریای شۆرشگێری پۆڵەندا و روسیادا روخا، کاتێك کە ئازادی سیاسی لە وڵاتەکەماندا بێتەئاراوە، دەبینین هەر ئەم کاردیناڵەی سەر بە پاپا و هەرئەم بەرێوەبەرانەی کڵێسا، کە ئەمرۆ لە دژی خەبات وەستاونەتەوە، لەناکاو رێکخستنی کرێکاران بە شێوەی یەکێتی مەسیحی و «نیشتمانی» دەستپێدەکەن بۆ ئەوەی بەلارێیاندا ببەن. هەر ئێستا لە سەرەتای دەستپێکردنی چالاکییەکی ژێر زەمینییەدان بەناوی «دیموکراسی نیشتمانی» کە تێدا هاوکاریکردنی قەشەکان لەداهاتوودا گەرەنتی دەکات و ئەمرۆ هاوکاریان دەکات بۆ ئەوەی سۆسیال دیموکراتەکان تۆمەتباران بکات.

هەر بۆیە پێویستە کرێکاران ئاگاداری ئەم مەترسیە بن، بۆ ئەوەی رێگە بە خۆیان نەدەن لە سبەینێی شۆرشدا، ئەو وشە شیرینانە سەرنجیان راکێشێت کە ئەمرۆ لە پشت مینبەرەکانەوە، بەرگری لە رژێمی تێزاری دەکەن کە کرێکاران دەکوژێت، بەرگری لە دەزگای سەرکوتی سەرمایەداری دەکات کە هۆکاری رۆژی رەشی کرێکارانە. پێویستە لە سەر کرێکاران بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆیان لە بەرامبەر دژایەتی رۆحانیەت لە ئێستا و لە ماوەی شۆرشدا و لە بەرامبەر هاورێتی درۆینی سبەینێی ئەوان و دوای شۆرش، خۆیان لە پارتی سۆسیال دیموکراتدا رێکبخەن. ئەمەش وەڵامێکە بە تێکرای هێرشەکانی رۆحانیەت: سۆسیال دیموکراسی بە هیچ شێوەیەك لە دژی باوەرە ئاینیەکان خەبات ناکات. بە پێچەوانەوە خوازیاری ئازادی تەواوەتی وێژدانە بۆ هەر تاکێك و پێکەوژیانی هەموو مرۆڤەکانە بە بیروباوەری جیاوازەوە. بەڵام لەو ساتەوە کە قەشەکان مینبەریان کردوەتە کەرەستەیەك بۆ خەباتی سیاسی لە دژی چینە هەژارەکان، کرێکاران پێویستە لە دژی دوژمنانی ماف و ئازادیەکانیان بووەستنەوە، چونکە یارمەتیدەری چەوسێنەرانن و تەمەنی رژێمە زاڵمەکان درێژتر دەکەنەوە، دوژمنی خوێنی کرێکارانە چ لە جلی قەشەدا بێت یان لە جلی پۆلیسدا.

تەنها حەقانیەتی چالاکی هوشیارانە و بە دیسیپلینی کۆمەڵایەتی و ئابوری جەماوەرە، کە دەبێتە هۆی لەنابردنی تەواوەتی دەمارگرژی ئاینی. ئامانجی جیابیران و رۆشنبیران تا ئەو شوێنەی کە بۆیان دەکرێت پچراندنی پەیوەندی نێوان چینی چەوساوە و رێکخراوەکانی بانگەشەی ئاینیە، لە هەمانکاتدا بە رێکخستنی بانگەشەی زانستی، پەروەردەیی و دژی ئاینی یارمەتیدەری جەماوەری زەحمەتکێش بێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راستەقینە زەین و مێشکیان لە دەمارگرژی ئاینی بسر درێتەوە. بە هەمووی ئەمانەوە، پێویستە لە سەر هەمووان خۆیان لە سوکایەتیکردن بە هەست و سۆزی ئاینی تاك بە دووربگرین، چونکە ئەنجامی وەها کارێك تەنها پەرەپێدانە بە دەمارگرژی ئاینی.

**سەرچاوە:** www.Javaan.net